**دەرهێنــــەرە لــە کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی ســینەمایی ئەڵمانی، بەر لەوەی بەشــێوەی پیشەگەری خەریکی کاری سینەمایی بێت، لە زانکۆ لە چەندین فیلمی سینەماییدا کاری کردووە وەك دەرهێنەر، ئانا نۆرنبێرگ لە فیستیڤاڵی سینەمای دهۆك وەك بەرهەمهێنــەری بەشــدار بــە فیلمێــك کە دەرهێنەرەکە کچە کوردێکی شــاری دهۆك بوو بۆیە لە نزیکەوە ئاگاداری بەشێکی زۆری فیلمە کوردییەکانە کــە لە دەرەوەی کوردســـتان نمایش دەکرێن لــە هەمان کاتدا بە نیازی ئەنجامدانی پرۆژەیەکی ســـینەماییە لەگەڵ چەند سینەماکارێکی کورد کە لە ســەرەتای ساڵی داهاتوو دەست پێدەکات، لە دەرفەتێکدا چەند پرســیارێکمان ئاراستەی ئانا کرد.**



# ئانا نۆرنبێرگ: سینەمای

**• بە حوکمــی کار کردنت لەگەڵ چەنــد دەرهێنەرێکی کورددا زانیاریــت هەیە، ســینەمای کــوردی و فیلمە کوردییــەکان چۆن دەبینیت؟**

- بێگومـــان وەك خۆت ئاماژەت پێدا من لەگەڵ کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی فیلمی کوردی و لەگەڵ سۆلین ئەنوەری دەرهێنەر کار دەکەم و بە یەکەوە چەندین کارمان ئەنجامداوە، تا رادەیەك زانیاریم دەربارەی ســـینەمای کوردی هەیە و لەو رێگایەوە چەندین فیلمی کوردیم بینیوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە زۆر زەحمەتە بۆ من هەڵســـەنگاندن بۆ کوردســـتان وەك وڵات یان ســـینەمای کوردی بکەم، چونکە کوردستان وڵاتێکە قەرەباڵغی و شڵۆغی پێوە دیارە و هەر شتێك لە ناکاودا دەبێتە سوپرایزێك، رێگاکانی ئەم وڵاتە زۆرن لە هەر چوار پارچەی کوردســـتان کورد روویان لەم پارچــە ئازادکراوە کردووە و بــەردەوام هاتوچــۆ دەکەن وپێوەندییەکانیان بەردەوامە و رۆژ دوای رۆژ گەشەی پێدەدرێــت، پێوەندییــە بازرگانییەکان لە زیادبووندان لەگــەڵ وڵاتانــی دەوروبەر پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش بە هەمان شێوە، ئەم جۆرە تێکەڵاوییــە ماددەیەکی باشە بۆ کاری سینەما و ســینەماکارەکان زیاتــر درکــی



# کوردی پێویستی بە کرانەوەی زیاتر هەیە

پێدەکەن پێموایە تا رادەیەکی زۆر سینەماکاران سوودیان لێوەرگرتووە، جگە لەمە مێژووی دوور ونزیکی کوردستان سەرمایەیەکی زۆر گرنگ و دەوڵەمەندە بۆ بەرهەمهێنانی دەیان فیلمی جۆراوجۆر لە هەموو روویەکەوە، بۆیە بەشێکی زۆری ئەو فیلمە کوردیانەی من بینیومن باس لە تراژیدیا و بەسەرهاتەکانی کوردستان دەکەن و هەر یەکێك لە لایەکەوە.

**● لەو فیلمە کوردییانەی تا ئێستا بینیوتە دەکرێ لایەنە باش و خراپەکانیان دیاری بکەیت لە روانگەی خۆتەوە؟**

- ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی باس بکەم، کاتێك سەیری فیلمێکی کوردی دەکەم وەك بینەر، ئەم فیلمانە سەرنجی بینەر رادەکێشن و ناچاری دەکەن بە وردی لێیان بڕوانێت، چونکە فیلمی کوردی جیهانێکی جیاوازە، جا ئەو جیاوازیە لە کەسەکانەوە یان لە سروشتەوە بێت یانیش لەرووی فەرهەنگ و کەلتووری کوردییەوە بێت، ئەمانە زوو سەرنجی بینەر بۆ خۆیان رادەکێشن و هەست بە تایبەتمەندێتی و جیاوازیی میللەتی کورد دەکەی لە ڕێگای فیلمەکانیانەوە، بەڕای من ئەمە لایەنە باشەکانی سینەمای کوردین، هەروەها کورد پێویستی بە فیلمی سیاسیش هەیە، بەڵام ئەمەیان لەوانەیە لایەنی سلبی و ئیجابی هەبێت، هەست دەکرێت بابەتی فیلمەکان تا رادەیەك سیاسین، بەڵام بابەتەکانیان نزیکی یەکترین واتە لێکچوونێك هەیە، ئەم نزیکبوونەوەی بابەتی فیلمەکان لە یەکدی دەبێتە هۆی ئەوەی کە بینەر زۆر جیاوازی نەکات لەنێوان فیلمەکان و هەست بە تێکەڵیی بکات، بۆیە پێویستە سینەماکارانی کورد بە گشتی بیر لەم مەسەلەیە بکەنەوە، چونکە لە سینەمای رۆژئاواییدا لەوانەیە چەند دەرهێنەرێك باس لە کێشەیەکی دیاریکراو بکەن، بەڵام هەر یەکێکیان لە روانگەیەکی تایبەتی خۆیەوە سەیری دەکات و هیچ جۆرە نزیك بوونێك هەستی پێناکرێت، بە پێچەوانەوە بینەر زۆر جارخۆی لە بەردەم دوو کێشەی جیاوازدا دەبینێتەوە کە لە ئەسڵدا یەك کێشە و یەك مەسەلەن، من خۆم لە دڵەوە حەز دەکەم لە دواڕۆژێکی نزیکدا سینەمایەکی کوردی تێکەڵ ببینم کە چەندین بابەتی جۆراوجۆر و بە شێوازو ستایلی جیاجیاوە بخاتەڕوو کە تایبەتمەندێتی کلتوور و فەرهەنگی کوردیی بە ئاشکرا پێوە دیار بێت، چونکە من ئێستا زۆربەی فیلمە کوردییەکان وەکو یەك دەبینم و جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، بۆ نموونە یەڵماز گونای یەکێك بوو لە دەرهێنەرە جیهانییە گەورەکان، کاتێك چەندین ساڵ بەر لە ئێستا دەستی بۆ چەند دیاردەیەك دەبرد لە فیلمەکانیدا زۆر بەهێزتر بوو لەو دەرهێنەرانەی ئێستا بوونیان هەیە و کار دەکەن.

**● ژیان و مێژووی کورد پڕیەتی لە تراژیدیا و کارەسات کە سەرمایەیەکن بۆ بەرهەمهێنانی دەیان فیلم، بەڵام ئایا پێویستە کورد تەنیا بیر لە نیشاندانی لایەنە تراژیدیاکانی ژیان و مێژووی خۆیان بکەنەوە یاخود پێویستە ئاوڕێك لە لایەنە کۆمەڵایەتییەکانیش بدرێتەوە و لە سینەمادا بخرێنە ڕوو؟**

- مخابن کە مێژووی میللەتی کورد تراژیدیای زۆری بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام سەبارەت بە سینەما دەتوانرا سوود لە هەردوو لایەن وەربگیرێت لایەنی تراژیدی و لایەنی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی، بەمەش فیلمی سەرکەوتوو بەرهەم دەهێنرێت و ئەگەر هەردوو لایەنەکە (تراژیدی و کۆمەڵایەتی) لە یەك فیلمدا کۆ بکرێنەوە ئەوەیان کارێکی هەر زۆر زۆر باشە و دەتوانم بڵێم پێویستیشە، من ئاگاداری چیرۆك و بەسەرهاتە مێژووییەکانی کوردم و لەبەر ئەوەی ئێستا لە سەرەتای قۆناغی باس کردن و بونیادنانی دەوڵەتن، بۆیە هەوڵ دەدەن زمان و مێژووی خۆیان فەرامۆش نەکەن و لە هزر و بیری نەوەکانی نوێیاندا زیندووی بکەنەوە، بەڵام زۆر شت کە بە ژیانی تاکەکانەوە گرێدراوە وەك بەتایبەتی ئەو چیرۆکانەی لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە باس لە مرۆڤەکان دەکەن، ناکرێ ئەوانیش فەرامۆش بکرێن و لە کارە سینەماییەکاندا سینەماکارانی کورد بیریان لێ نەکەنەوە و گرنگییان پێ نەدەن.

*** وەك کورد زیاتر دەتوانین سوود لە ئەزموونی سینەمای کێ وەربگرین کە لەگەڵ سینەمای کوردیدا بگونجێت؟**

- سینەمای هەر نەتەوەیەك تایبەتمەندێتی خۆی هەیە کە گرێدراوە بە کلتوور و فەرهەنگی ئەو نەتەوەیەیە و نابێ لەو چوارچێوەیە دەربچێت، بۆیە واپێویستە سوود لە ئەزموونەکانی خۆیان وەربگرن نەك لە سینەمای نەتەوەکانی دیکە، هەروەها سینەمای کوردی پێویستی بە کرانەوەی زیاتر هەیە لەرووی بابەتەکانەوە، لەبەر ئەوە سازکردنی فیستیڤاڵی سینەمایی لە شێوەی فیستیڤاڵی دهۆك بە هەنگاوێکی پێویست و گرنگ دەزانم بۆ ئەوەی کرانەوەی زیاتر هەبێت و تێکەڵییەك لەنێوان سینەماکارانی کورد لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا دروست ببێت کە دەبێتە دەروازەیەك بۆ کرانەوەی زیاتربۆ کار کردن لەسەر چیرۆك و ستایلی نوێ.

*** لە کوردستان ساڵانە چەندین فیستیڤاڵی کورتە فیلم ساز دەکرێن، ئایا ئەم جۆرە فیستیڤاڵانە پێویستن یاخود سینەمای کوردی ئەو قۆناغەی تێپەڕاندووە؟**

- بێگومان ئەم جۆرە فیستیڤاڵانە پێویستن و ئەگەر بینەران ئامادەی فیستیڤاڵەکان بن ئەوا پێویستە ساڵانە فیستیڤاڵی زیاتر ئەنجام بدرێت، چونکە فیلم بۆ بینەر بەرهەم دەهێنرێت، زۆر جار کاری کورتە فیلم زەحمەتترە، چونکە پێویست دەکات لە ماوەیەکی کورتدا دەرهێنەر شتی زۆر بخاتە روو بۆ بینەر و پەیامی خۆی بگەیەنێت بە پێچەوانەی فیلمی درێژ کە دەرهێنەر کاتێکی زۆری لەبەر دەستە بۆ گەیاندنی پەیامی خۆی بە بینەر.



## کیت ئاپتۆن: پێشبینیم نەدەکرد بگەمە ئەو ئاستە

**لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری (ڤۆگ)ی چاپی**

ئیتاڵیا کچە نمایشکاری ئەمریکی کیت ئاپتۆن رایگەیاند کە ئەو، هەمان شێواز و ستایلی ئەستێرە کۆنەکانی هۆلیۆدی هەیە هەرچەندە پێشبینینی نەدەکرد بگاتە ئەو ئاستەی ئێستای. لە دیمانەکەدا ئاپتۆن دەڵێت: خانەوادەکەی من زۆر حەز لە رکابەرێتی دەکەن، منیش بە هەمان شێوە و ئەمەشم لە دایکم بۆ ماوەتەوە، باوکم لە یارییەکی تۆپی سەبەتە چاوی بە دایکم کەوتووە لە زانکۆی دنیڤەر ئەمەش بیرۆکەیەکی باش بوو بۆ هەردووکیان، دەربارەی ژیانی تایبەتیی خۆی لە بواری نمایش کردنی جلوبەرگ ئاپتۆن گوتی: من هیچ کاتێك بیرم لەوە نەدەکردەوە پیاوەکان ئەوەندە گرنگیم پێ بدەن و لە بواری خۆمدا بگەمە ئەو ئاستەی ئێستا، من گرنگییەکی زۆر بەو جلوبەرگانە دەدەم کە نمایشیان دەکەم بەتایبەتی جلوبەرگی ژێرەوە، چونکە من هەمیشە لە نزیك کەنارەکانی فلۆریدا ژیاوم و لەوێ تەمەنی منداڵیی خۆم بەسەر بردووە، ئاپتۆن هەروەها دەڵێت: ئێستا هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکەم کاتێك دەبینم کچان دێنە لای من و سەرسامیی و خۆشەویستیی خۆیان بۆ من دەردەبڕن.



## ڕەزان: من ئێستا وەک ئەلیسام

کچـــە هونەرمەندی لوبنانـــی رەزان مەغریبی ئاشکرای کرد کە حەز ناکات وەك پیشە گۆرانی بڵێت هەرچەندە ئێستا گوێ لە چەند گۆرانییەك دەگرێت کە چەند شاعیر و ئاوازدانەرێکی میسری پێشکەشی کردون.

رەزان ئەوەشـــی راگەیانـــد کە لە نێو ئـــەو گۆرانییانەدا یەکێکیان هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی بە ســـینگل پێشکەشـــیان بکات نەك ئەلبوومێـــك بڵاوبکاتەوە، چونکە هەروەك دەڵێت: من کاری سینگڵم پێ باشـــترە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەم، دەربارەی ئەو ئەلبوومانەی کە ئێســـتا بڵاوبوونەتەوە و پێیان سەرسامە، رەزان دەڵێت: زۆر لە هونەرمەندەکان ئەمســـاڵ کاری باشیان پێشـــکەش کردووە بەتایبەتی نەجوا کەرەم و نەوال زوغبی، هەروەها زۆر گوێ لە ئەلبوومی (اسعد واحدە)ی ئەلیسا دەگرم، چونکە گۆرانییەکانی زۆر خۆشن و هەست دەکەم لە ئێستادا من وەك ئەلیسام واتە کامەرانترین و دڵخۆشترین کەسم.

# خانووەکەی ئیمی واینهاوس مەزاد دەکرێت

بەپێی هەواڵی چەند دەزگایەکی راگەیاندنی بەریتانی،ئەو خانووەی ئەستێرەی بەریتانی ئیمی واینهاوس کۆچی دوایی تێدا کرد نمایش دەکرێت بۆ ئەوەی بە مەزادێکی ئاشکرا بفرۆشرێت.



میدیاکان زیاتر رایانگەیاند ئەو خانووەی واینهاوس تێیدا کۆچی دوایی کرد و دەکەوێتە ناوچەی کامدن ماوەی چەند مانگێکە نمایش کراوە بۆ فرۆشتن، بەڵام کەسێك نەبوو بیکرێت،بۆیە بڕیار درا لە مەزادێکی ئاشکرادا دابنرێت بۆ فرۆشتن و نرخی سەرەتایی مەزادەکەش بە ٢،٨ ملیۆن دۆلار دانرا و بەر لەوەی لە مەزاددا نمایش بکرێت میچنی باوکی، داوای بڕی ٤،٢ ملیۆن دۆلاری دەکرد، بەڵام کەس ئامادە نەبوو ئەو بڕە پارەیەی پێبدات، پێشتریش چەند کەلوپەلی خانووەکە لەلایەن چەند کەسێکەوە دزران، لەوانە کراسی بووکێنی واینهاوس کە نرخەکەی زیاتر لە ٢٠٠ هەزار دۆلار بوو ئەمەش بووە مایەی تووڕەبوونی باوکی، بۆیە بڕیاریدا بیفرۆشێت، شایەنی باسە لە ساڵی ٢٠١١ و لە ئەنجامی ژەهراوی بوون بە کهول واینهاوس لە ماڵەکەی خۆی بە مردوویی دۆزرایەوە.

# کڵاو و گۆچانەکەی چارلی چاپلن دەفرۆشرێن

بڕیار وایە لە لۆس ئەنجلۆس و لە مەزادێکی ئاشکرادا کە لە خانەی بۆنامز ئەنجام دەدرێت کڵاو و گۆچانەکەی چارلی چاپلن کە پێیان ناسرا بوو بفرۆشرێن لەگەڵ وێنەیەکی جۆن لینۆنی ئەندامی کۆچ کردووی تیپی بیتلز.

خانەی ناوبراو رایگەیاند کە کڵاو و گۆچانەکەی چارلی چاپلن کە لە هەموو کارە هونەرییەکانیدا لەگەڵیدا بوون ئێستاش وەك خۆیان ماونەتەوە و نرخیان لەنێوان ٤٠ و ٦٠ هەزار دۆلاردایە، هەر لەم مەزادەدا نامەیەکی دەستی جۆن لینۆن دەفرۆشرێت کە خۆی نووسیویەتی لەگەڵ وێنەیەکی رووتی خۆی لە ساڵی ١٩٦٨ دوای بڵاوبوونەوەی ئەلبوومی (تۆ ڤێرجینز) بۆ گۆڤارێکی ناردووە، نرخی نامەکەش بە ١٨ تا ٢٢ هەزار دۆلار مەزەندە دەکرێت، هەروەها چەند پارچەیەکی دیکەی پێوەندیداری بە پیتی بیتلز نمایش دەکرێن لەوانەش کۆمەڵێك ئیمزا بەر لە ئاهەنگی (هۆلیۆد بۆڵ) لە ساڵی ١٩٦٤ بۆ هەوادارانی خۆیان کردبوویان.





# نیکۆل حەزی لە پیاسەیە لەگەڵ کیت

**دوای ئەوەی کاتێکی زۆری لە بەریتانیا بەسەر برد وەك**

ئەندامی لیژنەی ناوبژیوانی لە بەشی بەریتانی بەرنامەی (ئیکس فاکتۆر)، نیکۆل شیرزینگەر رایگەیاند کە زۆر حەز دەکات پیاسەیەك لەگەڵ هەردوو دۆکی کەمبریدج ولیام و کیت بۆ خواردنەوە بەسەر بەرێت.
رۆژنامەی (سەن)ی بەریتانی لەسەر زاری شیرزنیگەرەوە رایگەیاند دوای تەواو بوونی بەرنامەکە زۆر حەز دەکات پیاسەیەك لەگەڵ هەردوو دۆکی کەمبریدج کیت و ولیام بکات و خواردنەوەیەك بەیەکەوە بخۆنەوە، شیرزنیگەر، هەروەها گوتی: لە ماوەی مانەوەمدا لە بەریتانیا سەردانی چەندین یانەی شەوانم کردووە لە ناوچەی ئیسکیس، بەڵام ئەمە هیچی ناکاتە ژوانێکی راستەقینە لە لەندەن، بۆیە زۆر حەز دەکەم ژوان و پیاسەیەکی راستەقینە بکەم لەو ماوەیەی لە بەریتانیا ماوم و هیوادارم لەگەڵ کەسایەتییەکی ناوداری بەریتانیا بێت، شایەنی گوتنە شوارزنیگەر بڕی ٧٠٠ هەزار دۆلاری وەرگرت وەك ئەندامی لیژنەی ناوبژیوانی لە بەرنامەی ئیکس فاکتۆر لە بەریتانیا.

## دڵنیا کامۆسی کیژۆڵە ئەکتەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان

### دڵنیا کامۆسی:

# حەزو خوێندنی ئەکادیمی بنەمای سەرکەوتنی هونەرمەندە



دڵنیا کامۆسی کچێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێستا لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە، قوتابی قۆناغی شەشەمی ئامادەییە، لەشاری بۆکان لە دایکبووە، ساڵی ٢٠٠٤ دەستی بەکاری نواندن کردووە سەرەتا بە کورتە فیلم، بەڵام دواتر بەشداری لە چەند فیلمێکی درێژدا کردووە و لەگەڵ ژمارەیەك دەرهێنەر کاری کردووە، لە فیلمی (یەکەم ڕۆژی باران) کە لە دەرهێنان و بەرهەمهێنانی خانمە سینەماکاری بە توانا ناجیە سەلیمییە ڕۆڵی سەرەکی بینیوە و تا ئێستا چەندین خەڵاتی بەدەستهێناوە.

دڵنیا کامۆسی بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

*سینەمات بەشێوەی ئەکادیمی خوێندووە یان وەکو حەز؟
- نەخێر کار کردنی من لە بواری سینەما زیاتر وەك حەز بووە نەك ئەوەی بەشێوەی ئەکادیمی سینەمام خوێندبێت، هەروەها توانای ئەوەشم هەبووە لەو بوارەدا کار بکەم ئەمەش بۆ ئەو حەزە دەگەڕێتەوە کە لە ناخمدا هەیە بۆ سینەما.

* تۆ بە حەز رووت لە سینەما کرد، ئایا حەز و خوێندنی ئەکادیمی بۆ ئەکتەر کامیان گرنگترن؟
- ئەو کەسەی کاری سینەما دەکات ئەگەر لەناخیدا توانایەك نەبێت و حەز بەم بوارە نەکات، پێموایە خوێندنەکە سوودێکی ئەوتۆی نابێت، بەڵام ئەگەر حەزت لە بوارەکە بێت و لە هەمان کاتدا بەشێوەیەکی ئەکادیمی بیخوێنی ئەوا زۆر باشە و دەبێتە هۆکارێك بۆ سەرکەوتنی ئەو کەسەی لە بواری سینەمادا کار دەکات.

* تۆ خۆت حەزت دەکرد لە بواری سینەما بخوێنیت؟
- بەڵێ زۆریشم حەز دەکرد، بەڵام ئێستاش دەرفەت ماوە، چونکە هێشتا خوێندنم تەواوە نەبووە و پۆلی شەشەمی بنەڕەتیم، بە هیوام بتوانم لە زانکۆ لە بواری سینەمادا بخوێنم.

*بەشداریت لە چەند فیلمدا کردووە و گرنگترینیان کامە بوو؟
- لە بواری سینەمادا تا ئێستا بەشداریم لە ٧ کورتە فیلم و فیلمی درێژ و درامایەکدا کردووە، هەر یەکێك لەو فیلمانەی تێیدا بەشدار بووم گرنگی خۆیان بۆ من هەیە، بەڵام دوایین فیلمیان کە فیلمی (یەکەم رۆژی باران) بوو لە دەرهێنانی خاتوو ناجیە سەلیمە و من رۆڵی سەرەکیم تێیدا هەبوو بەڕای من لە فیلمەکانی تر سەرکەوتووتر بوو.

*بۆچی؟
- چونکە ئەم فیلمە لە چەندین فیستیڤاڵی جیاجیادا بەشداری کردووە لەوانە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی سینەما لە دهۆك و سەرکەوتنیشی بەدەستهێناوە.

*ئەی لە کورتە فیلمەکان کامیانت زیاتر بە دڵە؟
- کورتە فیلمەکانیشم هەموو سەرکەوتوو بوون، بەڵام کورتە فیلمی (تازە بووك) لای من گرنگییەکی زۆری هەیە لەبەر زۆر هۆکار لە چەند فیستیڤاڵ بەشدار بوو، هەروەها لەم فیلمەدا من خەڵاتی باشترین ئەکتەری خانم بەدەست هێناوە.

* رۆڵی دەرهێنەری یەکەم رۆژی باران چی بوو لە سەرکەوتنی تۆ لەو فیلمەدا؟
- بێگومان لە هەموو فیلمێکدا دەرهێنەر رۆڵی سەرەکی هەیە لە سەرکەوتنی فیلمەکە و ئەکتەرەکانیش، دیارە خاتوو ناجیەش رۆڵی هەبووە لەوەی من سەرکەوتوو بم.

*هەست دەکەی زۆر سەرکەوتوو بووی لە فیلمی یەکەم رۆژی باران؟
-سەبارەت بە رۆڵی خۆیشم لەو فیلمەدا من زۆر لێی رازیم.

* لە نێوان سینەما و درامادا زیاتر حەز لە کامیان دەکەی؟
- من خۆم وەك دڵنیا زیاتر حەز دەکەم لە بواری سینەما دا کار بکەم لەوەی لە کارێکی درامادا بەشدار بم.

* بۆ؟
- دیارە دراما و سینەما جیاوازییەکی زۆریان نییە، بەڵام من خۆم زیاتر حەز بە سینەما دەکەم.

* جیاوازی لە نێوان کورتە فیلم و فیلمی درێژ لە چیدایە؟
- کورتە فیلم کورت کردنەوەی ژیانێکە و کاتێکی زۆری نییە بۆ ئەوەی کە تۆ بتوانی باسی هەموو وردەکارییەکانی چیرۆکەکە بکەی، بەڵام فیلمی درێژ تا رادەیەکی زۆر جیاوازە و کاتێکی زۆر لە بەردەم دەرهێنەردا هەیە بۆ ئەوەی رووداوەکان وردتر باس بکات.

* زیاتر حەز دەکەی چ رۆڵێك ببینی؟
- هەر رۆڵێکم پێ بسپێردرێت من ئامادەم بەرجەستەی بکەم، بەڵام زیاتر حەز لە بینینی رۆڵی تراژیدی دەکەم؟

*تۆ لە تەمەنێکی بچووکدای بۆچی حەز لە تراژیدیا دەکەی؟
- ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە، رەنگە یەکێك لە هۆکارەکان بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بەشێکی ژیانی خۆم تراژیدییایە.

* تا ئێستا لەگەڵ چەند دەرهێنەر کارت کردووە ؟
- هەرچەندە من لە سەرەتای کاروانی هونەری خۆمدام لە بواری سینەما، بەڵام تا ئێستا لەگەڵ ئەم دەرهێنەرە بەڕێزانەدا کارم کردووە:ناجیە سەلیمی، مەنصور باغبانی، عبدالله محەمەد زادە،وەحید مەعجونی، حوسێن بەلەدی، فەیزوالله پور و بودبین.

*بۆ تۆ کار لەگەڵ دەرهێنەری پیاو خۆشترە یان ئافرەت؟
-هیچ جیاوازییەکیان نییە، گرنگ ئەوەیە ئەو رۆڵەی پێم دەسپێردرێ پێی رازی بم و بتوانم وەك خۆی و چۆن دەرهێنەر دەیەوێ بینوێنم و مافی خۆی پێ بدەم.

* وەك کچە ئەکتەرێك بەشداریت لە هیچ کلیپێکدا کردووە
-نەخێر تا ئێستا لە هیچ کلیپێك بەشداریم نەکردووە و بە نیاز نیم لە داهاتووشدا بەشداری بکەم، چونکە من ئەکتەری فیلمم و نواندن لە کلیپ و لە فیلمدا جیاوازییەکی زۆریان هەیە.

*ئێستا خەریکی چی؟
- خەریکی خوێندنم، چونکە من ئێستا قوتابی پۆلی شەشەمی بنەڕەتیم، هەروەها هەندێك کاری هونەریش ئەنجام دەدەم و لە هونەر دانەبڕاوم.

*مەبەستم لە بواری هونەری چی نوێت هەیە؟
- چەند سیناریۆیەك هەیە من ئێستا دەیانخوێنمەوە، هەروەها خەریکی نووسینی چەند سیناریۆشم.

خانەوادەکەتان چۆن هاوکارت بوون؟
-ئەگەر خانەوادەکەم نەبوایە من نەمدەتوانی بەردەوام بم، چونکە لە هەموو کات و بوارێکدا هاوکارییان کردووم، هیچ کاتێك جێیان نەهێشتووم و هەمیشە پشتگیرییان کردووم.

* لە خانەوادەکەتان جگە لە تۆ کەسی تریان لە سینەما کاریان کردووە؟
- نەخێر تەنیا من بواری سینەماو و نواندنم هەڵبژارد، بەڵام وەك ئاماژەم پێکرد پشتیوانییەکی زۆری منیان کردووە بە بەردەوامی.

*ئەگەر ژیانی هاوسەریت پێکهێنا و هاوسەرەکەت پێت بڵێ واز لە سینەما بهێنە وازی لێدەهێنی؟
_ نەخێر بە هیچ شێوەیەك واز لە سینەما ناهێنم، تەنانەت ئامادەم واز لە هاوسەرەکەم بهێنم لە پێناوی سینەما.

*تا ئێستا چەند خەڵاتت وەرگرتووە؟
- تا ئێستا پێنج خەڵاتی رێزلێنانم وەرگرتووەو یەك خەڵاتی تایبەتیشم وەرگرتووە لە ئێران.

* لە چ فیستیڤاڵێك و چ فیلمێك؟
- لە فیستیڤاڵی کورتە فیلم کە لە ئێران ساز کرا بە فیلمی (تازە بووك) کە لە دەرهێنانی خاتوو ناجیە سەلیمی بوو.

*چ کاتێك تووڕە دەبی ؟
-جارجار تووڕە دەبم.

*بۆ؟
- لەسەر ناحەق تووڕە دەبم، بۆنموونە ئەگەر کەسێك قسەیەك یان هەڵسوکەوتێکی نەگونجاو بکات تووڕە دەبم.

